# جیابونەوەی کوردستان، وەڵامی پێویستو گونجاوی خەڵکی کوردستانە، بە جەنگی تائیفی!

دەوڵەتی عێراق تا ئێستا پێك نەهاتوە. حکومەتێك کە حزبو لایەنە سیاسیە براوەکان لە "هەڵبژاردن"دا دەیانەوێت پێکی بهێنن پێك نەهاتوە. لە هیچ جێگایەکی دنیا گاڵتەجاری وا ڕوینەداوە، لەهیچ وولاتێکیش ئاوا کایە نەکراوە بەهەستو چارەنوسی سیاسی خەڵك. پاش 3 ڕۆژی تر سێ مانگ بەسەر "هەڵبژارندن" دا تیبەر دەبێت، بەلام ئەوان حکومەتیان بۆ پیك نەهاتوە، وە بۆ پێکنایەت، تەنانەت ئەگەر حکومەتێکیش دروست بکەن، هەر حکومەتی سی بەسی بەسی دەبێتو وەڵامی هیچ مەلەفێکی سیاسیو ئەمنیو خزمەتگوزاری پێنادرێتەوە. ئەو هێزە عەشیرەتیو قەبەلیو ئیسلامیانە ئەهلی پێکهێنانی دەوڵەت نین لە عێراقدا.

ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی دوای "هەڵبژاردن" گەیشتۆتە ئاستێکی هێجگار ترسناك، کە یەکەمین دەرئەنجامەکانی دەستپێکردنی جەنگی تائیفیەیە. ئەم جەنگە دەستی پێکردوەوە لە چەند قۆلێکەوە شەڕە، بەڵام هێشتا جەنگێکی هەمەگیر نیە. هێزە کانی ئیسلامی سیاسی شیعی شەڕی بەدەسەلات گەیاندنی تائیفەیەك دەکەن، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئیرانەوە بەڕیوە دەبرێتو ململانێی سیاسی ئێستای نێو باڵە ئیسلامیو ناسیونالیستە کۆنەپەرستەکانی عێراق لەسەر سەرۆك وەزیرانو گۆڕینی بەکەسێکی دیکە، ڕاستەوخۆ بردنە پێشەوەی ململانێی سیاسی نێوان ئیرانو ئەمەریکایە لە ڕیگای ئەم هێزانەوە. چارەنوسی ئەم کێبەرکێیە ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە کیبەرکەێی نێوان ئەمەریکاو ئێرانەوەو شەخسی جەعفەری ئێستا بۆتە ڕەمزی نوێنەرایەتی سیاسەتی جمهوری ئیسلامی ئیران لە عێراقدا.

وەڵام بەم هەڵومەرجە سیاسیەیە" حکومەتی نیشتمانی "نیە، کە هەر لەبناغەوە پوچ دەرچوو، تەنانەت لە لایەن خۆشیانەوە. وەڵام "حکومەتی تەکنۆکرات" نیە کە لەلایەن ئەکادیمیەکانو مەجلیسی ئەمن یان نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پێشنیار دەکرێت، وەڵام لای ئەمەریکا نیەو ئەمەریکا لە عێراقدا دەرگیرە لەگەڵ گەورەترین ئەزمەی سیاسی خۆیدا. ئەم وەڵامانە بەشێکی دەرکەوتونو بەتەجروبە خەڵکی عیراقو کوردستان لەماوەی دوو سێ ساڵی ڕابوردودا تاقیانکردۆتەوە، ئەوەی دیکەش لە پێشەوە دیارە کە مایەپوچ ترە لەوانی پێشوو. "حکومەتێکی تەکنۆکرات" کە ئەم هێزانە پێکیبهێنن، ئیتر حکومەتی"تەکنۆکرات" نیە بەڵکو حکومەتی" ئەندامانی پایەبەرزی تەکنۆکراتی ئەم هێزانەیە". ڕیگا چارەکانی ئەم هێزانەو ئەمەریکا بەتەواوی بن بەستەو هیچ ئاسۆو ڕوناکیەکی تێدانیە بۆ زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی عیراقو کوردستان.

## جەماوەری ئازادیخوازو ناڕازی کوردستان !

ناسیونالیزمی کورد وەك بزوتنەوەو یەکێتیو پارتی وەکو دووحزبی ئەم بزوتنەوەیەو بارزانیو تاڵەبانی وەکو سەرۆکی ئەم دوهێزە، بەپێی لێکدانەوەو چونە پێشی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکان، لە نێو گەمەی سیاسی ئەمەریکادا مایەپوچترین هێزو لایەن دەبنو تەنانەت "ئەو فیدرالیزمە"ی کە بەرنامەو ئیستراتیژی ئەصلی ئەم دوو هێزەیەو هیچ دەردێکی خەڵکی کوردستان چارەسەر ناکات، لەگەڵ ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزمی عەرەبدا، جێبەجێ ناکرێتو نایەتەدیو بە تەجروبە لەماوەی سێ ساڵی ڕابوردودا بۆ هەمووتان ئاشکرا بوو کە "فیدرالیەت" زۆر لەوە بێ ناوەرۆك ترە کە دەردێکی ئیوە تیمار بکاتو وەڵام بە خواستەکانی ئیوە بداتەوە. یەکێتیو پارتی چارەنوسی سیاسی خۆیانو ئیوەیان داوەتە دەست ئەمەریکاو سیاسەتێك کە ئەو پراتیکی دەکات. کە تا ئێستا بە ڕۆشنی بۆتان دەرکەوتوە، کە جگە لە چاوەڕوانیو ترس لە دوبارەبونەوەی کارەسەتەکان هیچی دیکەی لێ سەوز نەبوە. ئێوە پێویستە ئەم وێلاشە لە بنەوە بقرتێننو ڕاستەوخۆ بەدەوری خواستو ئامانجە سیاسیو ئینسانیەکانتاندا خۆتان ڕیکخراو بکەن. ئێوە ئاسۆیەکی ترتان لە بەردەمدایە. ڕێگایەکی عەمەلیو کارساز، ئەویش جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆیە لەڕێگای ریفراندۆمێکی گشتیو سەراسەریو ئازادەوە. دەوڵەتێك کە بتوانێت وەڵام بە نیازو خواستە سیاسیو فەردیو مەدەنیەکانتان بداتەوە. ئەم ڕیگایە تەنها ڕیگای گونجاو کارسازی ئەمڕۆیە.

ناسیونالیزمی کورد خواستو ئارەزوو هیواو ئامانجەکانی ئیوەی گرێداوە بەئەنجامی جەنگی تائیفی نێوان ئیسلامی سیاسی شیعەو سوننەوە. چارەنوسی مافە سیاسیو مەدەنیو ئینسانیەکانی ئیوەی گرێداوە بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی لە بەغدا-کوردستان. ئەم ڕێگایە هەمان ڕیگای هەڵبژاردنو هەرەسهێنانی شەڕی ساڵی 1974 ە، بەلام لە هەڵومەرجێکی جیهانیو ناوچەییو ناوخۆیی تەواو جیاوازدا.

ئیوە نابێت ڕێگا بدەن ئەو تەجروبە تاڵانەی کە ناسیونالیزمی کورد بەدرێژایی تەمەنی خۆی سەپاندویەتی بەسەرتاندا، ئەمجارە بەسەر ئیوەدا بشکێتەوە. وەرنو لەدەوری حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقو سیاسەتو ڕیگا چارەکانی کۆببنەوە. بۆئەوەی خەباتی خۆمان گەرموگوڕترو فراوانترو بەهێزتر بکەینەوە، لەپێناو دەستەبەرکردنی تەواوی مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکاندا. گرتنە بەری ئەم ڕێگایە باشترین هەڵبژاردنە.

سامان کەریم

**بەرپرسی ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**

11/**ئازار**2006